# بەختت لەم مانگەدا





## گاور ٣/٢١ - ٤/٢٠

سالّی رابردوو سالّی تێکۆشان و گەیشتن بوو بەئامانجەکانت، بەلاّم سالّی ٢٠١٠ سالّی رووداوی کتوپڕی چاوەڕواننەکراو ئەبێت. هاورێی راستەقینەی خۆت ئەناسیت. چەند کێشەیەکی چاوەڕواننەکراو سەر هەلّئەدەن، بەلاّم بەئارامی چارەسەریان بۆ ئەدۆزیتەوە.سالّی ٢٠١٠ پێچ و پەنا و توندوتیژی تێدایە، بـەلاّم بەتێپەڕبوونی کات خۆت لەگەلّ بارودۆخەکەدا ئەگونجێنیت. سالّێکی پڕ لە لێپرسراوێتی ئەبێت لەبارەی پیشەیی و خێزانی. هەندێ جار حەز بەدوورکەوتنەوە ئەکەیت لەکۆمەلّگەو کەسە نزیکەکان. بێ ترس و راڕایـی رووبـەڕووی بارودۆخەکە ئەبیتەوە. ئەمسالّ شوێنەوارێك بەجێ دێلّیت لەپەیوەندیە گشتیی و تایبەتەکاندا. سالّێکی پڕلەماندوبوونە. بەلاّم تاقیکردنەوەیەك ئەبێت بۆ نزیکبوونەوە لەئامانجەکانت و باوەڕت بەخۆت ئەبێت و وات لێ ئەکات بڕیاری زۆر گرنگ بدەیت. گۆڕانکاری هەسارەکان لەمانگی یەکەمی ئەمسالّدا وات لێ ئەکات دیپلۆماسیانە کارەکانت جێبەجێ بکەیت. هەسارەی (ساتۆرن) ئاستەنگێك لەبورجەکەتدا دروست ئەکات و پاشان دەست بەگەڕانەوە ئەکات.گەیشتنی هەسارەی (ئۆرانۆس) بە بورجەکەت لەمانگی ئایاردا و رووبەڕووبوونەوەی لەگەلّ هەسارەی (ساتۆرن)دا وا ئەخوازێ زیاتر گرنگی بەپاراستنی بەرژەوەندیەکانت بدەیت. بارودۆخی خێزانیت بەرەو باشبوون ئەڕوات، و چارەسەر بۆ کێشەکانت ئەدۆزێتەوەو رەنگە رووداوی مندالّبوون یان گۆڕانکاری لەشوێنی نیشتەجێبوونتدا بکەیت. بەهۆی هەندێك بارودۆخی ئاسایی و سەرقالّبوونت بەکارەکانتەوە پێویستت بەحەوانەوە هەیە، هەروەها پێویستت بە چالاکی و بڕوابەخۆبووون و سەقامگیری هەیە. لەلایەکی تـرەوە هەسارەی (جوپیتێر) لەمانگی حوزەیراندا هیوات پێ ئەبەخشێت و چالاکیت زۆر ئەبێت، بەلاّم خۆت بناغەی دوارۆژت و بەختەوەریت دائەڕێژیت. رەنگە لەمسالّدا هەسارەی (ساتۆرن) لەبورجی فەریکدا هەندێ کێشەی تەندروستیت بۆ دروست بکات. هەولّبدە سیستمێکی خۆراکیی تەندروست بۆ خۆت دابنێیت و لەهەلّچوون دووربکەویتەوە. ئەمسالّ، گۆڕانکاری لەژیانتدا ئەبێت، بەلاّم سالّێکی ئاسان نابێت، گرنگ ئەوەیە خۆشی و سەقامگیری خۆتی تیا بـدۆزیـتـەوە. ئامادەباشیت هەبێت بۆ گۆڕانکارییە پێویستیەکان، ئەمسالّ سالّی راهاتنە لەگەلّ ژیانی نوێخوازی و کردنەوەی دەرگاکانە بەڕووتدا.

لێپرسراوێتی پیشەییت بۆ دروست ئەبێت، کە رەنگە پلەو پایەتی پێ بەرزبێتەوە.هەسارەی (ساتۆرن) لەبورجی تـەرازوودا رۆژ بـەڕۆژ لێپرسراوێتیت زیاد ئەکات و گرنگی بەباری پیشەییت ئەدەیت. لەگەلّ هاوڕێکانتدا دەمارگیر مەبەو کێشە بۆخۆت دروسـت مەکە، بـەدوای رووبـەڕووبـوونـەوەدا مەگەڕێ، هەولّی لەیەکگەیشتن بـدە، چونکە پێویستت پێیان ئەبێت. رەنگە هەوالّێکی گرنگت پـێ بگات و خەلاّتێکی گـەورە وەربگریت لەشێوەی خشلّێکی زیودا.بەئارامی و لەسەرخۆیی ئوتومبێل لێ بخوڕە، و خۆت بەدوور بگرە لەسەفەرو گەشتەکان.



## گا ٤/٢١ - ٥/٢٠

ئەمسالّ، کەسێکی سەرنجڕاکێش و دیار ئەبیت. پرۆژەو پەیوەندیە کەسێتیەکانت بەهێزو بەرفراوان ئەبێ. کاسوکار و هاوڕێکانت رۆلّێکی گرنگ ئەبینن لەژیانتدا. ئەم سالّ تەنیایی جێ ئەهێلّیت و سالّی بەسەربردنی ژیانێکی خۆشە لەگەلّ هاوڕێکانتدا. سالّی گۆڕانکاریی و دارشتنی بناغەیەکی باشترە بۆ ژیان. بوونی هەسارەی (ساتۆرن) لەبورجی فەریك و تــەرازوودا کاریگەریی هەمە لایەنەی ئەبێت بۆ کەمبوونەوەی خەمەکانت. هەندێ بارودۆخی تەندروستی سەرقالّت ئەکات.

لەکارێکی تردا بەدەست بێنیت. بەدەر لەکارەکەی خۆت. سالّی رزگاربوونتە لە قەرزە گەورەکان. مانگی حوزەیران و ئاب، هەروەها شوباتیش سەرکەوتنی گرنگی تێدا بەدەست دێنی. بوونی هەسارەی موشتەری لەبورجی نەهەنگدا بە پلەیەکی باش بەختەوەرت ئەکات. بەئاگابە لە لێپرسراوێتی و ئەرکەکانی سەرشانت بەباشی جێبەجێیان بکە، وردبینبە لەجێبەجێکردنی کارەکانتدا، ئەگەر کۆسپ و بەربەست هاتەرێت. هەولّی گۆڕانکاری بدە لەجێبەجێ کردنی کارەکانتدا بۆ کەمکردنەوەی کێشەکانت.لە ٢١ی کانوونی یەکەمدا زیاتر گرنگی ئەدەیت بەسەقامگیری خێزانیی تا کۆتایی سالّ، بەهۆی بەیەکگەیشتنی هەسارەی (پلۆتۆ) لەگەلّ (سـاتـۆرن) و ئـۆرانـۆس)دا بارودۆخی تەندروستیت نائارام ئەبێت و هەولّبدە گرنگی تەواو بدەی بە باری تەندروستیت و باری داراییت. هەسارەی موشتەری کاریگەریی باشی ئەبێت، بەلاّم پێویستە ئاگات لەهەندێ دەسکەوتی خێزانیت بێ، تاکو هەولّ و تێکۆشانی رابردووتبە بەفیڕۆ نەچێت. رەنگە رووبـەڕووی رووداوێکی دزی ببیتەوە. بەتایبەت لەکانوونی دووەم و لەماوەی نێوان هەژدەی نیسان و یانزەی ئایاردا. بەگشتی ئەمسالّ سالّی گۆڕان و سەرکەوتن ئەبێ، بەلاّم پێویستە بەرچاوت روون و گوێرایەلّ بیت، تاکو هەلی زێڕینت لەدەست نەچێت.



## دووانە ٥/٢١ - ٦/٢١

ئەگەر سالّی رابردووت، سالّی ئارامی یەك لەدوای یەك بووبێت. ئەوا ئەمسالّ، سالّی بەرەوپێشچوون و سەرکەوتن ئەبێت. سالّێکی باش و گرنگە لەژیانی کەسێتیی و پیشەییتدا. سالّی وێنەکێشانی دوا رۆژت ئەبێ بۆ هیوا گەورەکانت. هەسارەی (جوپیتێر) پالّپشتت ئەبێت لەزۆر بواری ژیانتدا و لێپرسراوێتیی سۆزداریی و خێزانیت ناچارت ئەکات هەندێ بڕیار بدەیت و بەتەواوی لاپەڕەکانی رابردووت هەلّبدەیتەوە، یان بڕیار لەهەنگاوێك ئەدەیت کە باوەڕت پێیەتی و سەرکەوتن بەدەست ئەهێنیت.ئەمسالّ، سالّێکی کراوەو پرشنگدار ئەبێ، و دەولّەمەند ئەبێ بەتاقیکردنەوەکان، ئەگەر لەبواری راگەیاندن و رۆژنامەگەریی و سیاسەت یان هونەردا کار بکەیت. رەنگە لەباری خوێندندا سەرکەوتن بەدەست بێنیت. لەباری کۆمەلاّیەتیدا پلەیەکی بەرز بەدەست دێنیت، یان بڕوانامەیەك یا پاداشتێك لەسەر ماندووبوونێکی رابردووت وەرئەگریت، کە گۆڕانکاریی لەکارەکانتدا یان گۆڕانکاریی لەهەموو روویەکەوە تێدایەو چەند جارێك هەلی باشت بۆ ئەڕەخسێ. بارودۆخی پیشەییت لەبار ئەبێت بۆ پێشکەشکردنی نمایشێك، بـەدەر لە پیشەکەی خۆت.بەئاگابە و سەرکێشی مەکە. و رەنگە ئەمسالّ بەئاکامی باش بگەیت. و سەرکەوتن





## قرژاڵ ٦/٢٢ – ٧/٢٢

ساڵی ٢٠١٠ ساڵێکی سەخت نابێ بۆت، بەڵام رووداوی کتوپڕو گۆڕانکاری تیا ئەبێت. لەهەندێ روانگەوە گۆڕانکاری دروست ئەبێت و بە بەرژەوەندیی تۆ ئەشکێتەوە. ناچار ئەبیت بەخۆگونجاندن لەگەڵ بارودۆخەکەدا. گۆڕانکاری و تاقیکردنەوە هەمەلایەنەکان دەرگا لەبەردەمتدا والا ئەکەن. کاریگەری هەسارەی ژوپیتەر لەبورجی نەهەنگدا لە ٥ی حوزەیراندا ئەبێت. لەبواری خوێندنی باڵاو سەفەرکردندا سەرکەوتن بەدەست دێنی لەهەر شتێکدا کە پەیوەندی بەبواری دادگا و ئەدەب و هونەرەوە هەبێت. بوونی هەسارەی(ئۆرانۆس) لەگەڵ (موشتەری)دا لەبورجی نەهەنگ و کاوڕدا ئارەزووی گۆڕانکاری و تازەگەریت لا دروست ئەکات. پێویستە بەئاگابیت لەبڕیاردانی خێراو لەژێر کاریگەریی هیچ هەڵچوونێکدا بڕیار نەدەیت. هەسارەی ئۆرانۆس کاریگەری لەسەر هەندێ بارودۆخی خێزانی ئەبێت، کاتێك رووبەڕووی هەسارەی ساتۆرن ئەبێتەوە. لە ٢٦ی حوزەیران و ٢٦ی تەموز و ١٨ی تشرینی دووەمدا دەست بەگەڕانەوە ئەکات، بە بارودۆخێکی نائاساییدا تێئەپەڕیت. بوونی هەسارەی مەریخ لەبورجی کەواندا بەهەمان شێوە کاریگەریی لەسەر تێکچوونی باری تەندروستیت ئەبێت. بەشێوەیەکی گشتی ساڵێکی پڕ لەخۆشی و کوتوپڕی ئەبێت، پێویستە بە وریایی و بەئاگاوە کارەکان جێبەجێی بکەی.



## شێر ٧/٢٣ – ٨/٢٢

ئەگەر ساڵی رابردوو ساڵی پەیوەندیبەستن و شەراکەت بووبێ، ئەوا ئەمساڵ ساڵی قەرەبووکردنەوە ئەبێ، بۆ هەموو پاشگەزبوونەوەکان. ساڵێکە بۆ بەدەستکەوتنەوەی شوێن و تازەکردنەوەی پەیوەندییەکان. بەهۆی هەوڵ و تێکۆشانەکانتەوە کەمێك لەماندووبوونی ساڵی رابردوو ئەرەوێتەوە، بەتایبەت لەنیوەی دووەمی ئەمساڵدا. لەدوای دەرچوونی هەسارەی مەریخ لەبورجەکەت هەسارەی (ساتۆرن) بورجی فەریك بەجێ ئەهێڵێت و ئەچێتە بورجی تەرازووەوە، ئەمەش کاریگەری باشی ئەبێت لەسەر باری داراییت و بۆ ماوەی چەند مانگێك بەردەوام ئەبێ، بەتایبەتی لەمانگی نیسان و تەموزدا. لەکاتێکدا هەسارەی ساتۆرن ئەبێتە میوانی بورجەکەت. ئەم ساڵ ساڵێکی باش و بەبەرهەم ئەبێت، بەپێوانەی هەوڵ و تێکۆشان و بەفیکرێکی تێگەیشتوانەو توانایەکی زۆرەوە کارەکانت جێبەجێ ئەکەیت و سوود لەتاقیکردنەوەکانی ساڵی ٢٠٠٩ وەرئەگریت. گرنگی بەباری تەندروستی و ژیان و دوا رۆژی منداڵەکانت و سەقامگیری ئەدەیت، هەست بەبار قورسی و لێپرسراوێتی ئەکەیت، بەڵام لەهەمان کاتدا باوەڕت بەتواناکانی خۆت و هەنگاوە گونجاوەکانت ئەبێ. ئەمساڵ ساڵی خۆشبەختیە کتوپڕەکان ئەبێ. کەسانی نزیك و دەرەوەی وڵات هەلی گونجاوت بۆ سەفەرکردن و گەشەسەندن لەبواری کارەکەتدا بۆ ئەرەخسێ. گرنگی بەپسپۆڕیی بواری کارەکەت ئەدەیت و رەنگە بڕیاری گەڕانەوە بۆ کورسی خوێندن یان فێربوون لەبوارێکی تازەدا بدەیت. لەبواری کۆمەڵایەتیدا چالاك ئەبیت. لەهەندێ پەیوەندی گرنگدا سەرکەوتن بەدەست دێنی. بەدواداچوون لەپەیوەندیە تازەکانتدا ئەکەیت. لەم ساڵدا ئاگات لەباری تەندروستیت بێ، بەتایبەت گرنگی بدە بە گەدەو گورچیلەت. و چوونی هەسارەی مەریخ بۆ بورجی گیسك لە کانوونی یەکەمدا کاریگەریی خراپی لەسەر باری تەندروستیت ئەبێ. مانگی حوزەیران و ئاب زۆر گونجاوە بۆ واژووکردنی گرێبەست. بەگشتی ساڵێکی دەوڵەمەند ئەبێت بەتاقیکردنەوە بەسوودەکان و دەستنیشانکردنی باشترین دوا رۆژە هەلی سەرکەوتنت بۆ دێنێت. لەبواری داراییدا رارا مەبە.



## فەریك ٨/٢٣ – ٩/٢٢

ساڵی تازە چاوەڕوانی باشی لێئەکرێت، هەرنەبێ زۆر باشترە لەساڵی رابردوو، تا ئێستا هەسارەی ساتۆرن لەبورجەکەتدا ماوەتەوە، بەڵام بۆماوەیەکی دیاریکراو کاریگەریی کەمی ئەبێت لەسەرت. بەشێوەیەکی گشتی ئەمساڵ ساڵێکی باش ئەبێت لەهەموو بوارەکاندا. بوونی هەسارەی ژوپیتەر لەبورجی نەهەنگدا لەزۆربەی مانگەکانی ساڵدا ئەبێتەهۆی گەشبینی و بەختەوەریت و گۆڕانکاری گونجاو. خۆت ئامادە بکە بۆ هاتنە دەرەوە لەو زێرزەمینەی کە ماوەی سێ ساڵە تیایدا ئەژی. بەخت یاوەرت ئەبێت. بوونی هەسارەی ژوپیتەر لەبورجی نەهەنگدا کاریگەری باشی ئەبێت لە زۆربەی پەیوەندییەکانتدا، رەنگە لەنێوان ٦ی حوزەیران و ٩ ئەیلولدا گرێبەستێکی پیشەیی گرنگ واژوو بکەی، ئەو گرێبەستەی ماوەیەکە خەونی پێوە ئەبینیت. یان ئەچیتە پەنا گروپێکی بەهێز بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی شوێنی کارەکەت، ئەگەر بەدەست کێشەی دادگا یان کارگێرییەوە بناڵێنی، ئەوا بەخت یاوەرت ئەبێ لەزۆربەی مانگەکاندا بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە، پێویست بەترس ناکات، بەڵام لەنێوان ٧ی نیسان و ٢ی تەموزدا کاریگەریی خراپی ئەبێت. چوونی هەسارەی پلۆتۆ بۆ بورجی گیسك کاریگەری باشی لەسەر ژیانت ئەبێ و باوەڕت بەخۆت زیاتر ئەبێ. ئەمساڵ ساڵی پەیوەست بوون بەهاوسەرگیریی و بەرژەوەندی پیشەیی ئەبێت. بەهۆی چوونی هەسارەی پلۆتۆ بۆ بورجی گیسك باوەڕت بەخۆت زیاتر ئەبێ، بەڵام بەگشتی ساڵی گەشبینی و بەرەوپێشچوون ئەبێت.



# بەختت لەم مانگەدا



تەرازوو ٩/٢٣ – ١٠/٢٣

ساڵی رووبەرووبونەوەی هەسارەکان ئەبێت بوونی هەسارەی ساتۆرن و ئۆرانۆس لەبورجەکەتدا کاریگەریی خراپی هەیەو ئەبێ بە وریاییەوە مامەڵە بکەیت، تا تشرینی دووەم ناتوانی خۆت لە لێپرسراوێتی قوتار بکەیت. ئەبێتە هۆی گومان و رەشبینی بۆت. بەئاگابە لە روبەرووبوونەوە لەگەڵ خۆشەویستەکەتدا.

بەقسەی رەق بریندارى مەکە، بارى تەندروستیت پێویستی بەچاودێری زیاتر ئەبێت و بونی هەسارەی ساتۆرن لەبورجەکەتدا کاریگەری خراپی لەسەر باری تەندروستیت ئەبێ، ساڵێکی لەبا نییە بۆئەوانەی ژیانی هاوسەرییان پێك هێناوە، بەڵام لەژێر کاریگەریی پێك گەیشتنی هەردوو هەسارەی ژوپیتەرو ئۆرانۆسدا بەخت یاوەرتان دەبێ.

لەنێوان ٧نیسان و ٢ی تەمووزدا هەسارەی ساتۆرن لەسەر بورجەکەتان نامێنێت ئەمەش کاریگەریی باشی ئەبێت و بەردەوامی بە پەیوەندیەکان ئەبەخشێت.

ئاگات لەمامەڵە داراییەکانت بێ قەرز بەکەس مەدە چونکە توشی سەرئێشەت ئەکات، خۆت بەدور بگرە لەو کەسانەی هانت ئەدەن بۆ کۆنکاریی لەکارو پیشەکەتدا، چونکە ئاکامانی باش نابێ.



دووپشك ١٠/٢٤ – ١١/٢١

ساڵی رابردوو کارەکان زۆر بەئاسانی جێبەجێ بوون، بەڵام ئەمساڵ ساڵێکی پرشنگدارتر ئەبێتو ساڵی پێشکەوتنو سەرکەوتنو کردنەوەی دەرگاکان ئەبێت. بەباوەڕێکی زۆرەوە پیادەچوونەوە بۆ سەرکەوتنەکانی ساڵی رابردوو ئەکەیت. هەلی زۆر چاوەڕێت ئەکات بەبوونی هەسارەی (ژوپیتەر) لەبورجی نەهەنگدا بەختەوەریت بۆ دێنێت. بۆ ماوەیەك هەسارەی (ژوپیتەر) ئەچێتە بورجی کاورەوەو کاریگەریی باشی لەسەر باری پیشەییو تەندروستیت ئەبێت. ئەمساڵ، ساڵی هاوسەنگی و خۆشەویستیو سەرکەوتنو گەشبینییە. قەرەبووی ئازاری رابردووت ئەکەیتەوە بۆ بەدیهێنانی خەونەکانت ساڵی تازەگەریو گەڕانەوەیە بۆ سەردەمی لاوێتی. ٢٠ نیسان و ٢٠ی ئایار باری کۆمەڵایەتیو پیشەیت روو لەئاڵۆزبوون ئەکات. بەڵام لەڕووی سۆزداریو خێزانیەوە سوودمەند ئەبی. سەردانی (ژوپیتەر) بۆ بورجی نەهەنگ رووداوێکی دڵخۆشکەر ئەبێ بۆ باری خێزانیت. بوونی هەسارەی ژوپیتەر لەبورجی نەهەنگو کاوڕدا لەمساڵدا دارایی گەورەت بۆ مسۆگەر ئەکا. ساڵێکی پڕ گۆڕانکاری کتوپڕ ئەبێت، لەبەرئەوە پێویستت بەکەسانی دڵسۆزو هاورێ دڵسۆزەکانت ئەبێ.



کەوان ١٠/٢٢ – ١٢/٢٠

ساڵێکی گرنگەو گۆڕانکاری کتوپڕی تێدایە. بەرهەمی هەوڵ و تێکۆشانی رابردووت دەست دەکەوێت و دەسکەوتی زۆر تێدایە. ئەمیش بەهۆی هاتنی هەسارەی ژوپیتەر بۆ بورجی نەهەنگ و بوونی هەسارەی (ساتورن) لەبورجی تەرازوودا ساڵێکی ئارام ئەبێ لەباری پیشەییو کەسێتیدا. هەسارەی مشتەری کاریگەری لەسەر گرێبەست و هاوسەرگیریی ئەبێ و چارەسەر بۆ کێشەکان ئەدۆزیتەوە، گەشبین بەو هەوڵبدە خۆت لەڕەشبینی بەدووربگری. ئارامبەو دڵنیابە لەبەدیهێنانی خەونەکانت. ساڵێکی لەبار ئەبێ بۆ کڕینی خانوبەرە. هەسارەی ئۆرانۆس هاوەڵی هەسارەی ژوپیتەر ئەبێت لەسوڕانەوەی ساڵانەیدا ئەمەش کاریگەریی هەیە لەسەر گۆڕانکارییە کتوپڕە چاوەڕواننەکراوەکان. لەهەندێ کارو بیرکردنەوەدا پێویستت بەپیاچوونەوە هەیە لەکارەکانتدا. رەنگە هەندێ پەیوەندی کۆمەڵایەتی ئەنجامی خراپ و بەئازارت بۆ دروست بکات، بەهۆی کاریگەریی هەسارەی ئۆرانۆسەوە. هەسارەی ساتورن لەبورجی تەرازودا لەباری پیشەییو کۆمەڵایەتیدا سەرکەوتنت بۆ مسۆگەر ئەکا. بەڵام بوونی هەسارەی ساتورن لەبورجی تەرازوودا دووچاری رەشبینیت ئەکات، بەلەدەسدانی هاورێیەکت یان دەرکەوتنی ناپاکییەك بەئاگابەو بەرەوپێش برۆ لەژیانتداو یارمەتی هاورێکانت بدە بەدڵسۆزی. خۆت بەدور بگرە لەقەرزکردن، بارودۆخ لەبار نابێت بۆ باری داراییت. بڕیاری خێرا مەدە، بەهۆی هاتنی هەسارەی مەریخەوە.





## گیسك ١٠/٢١ – ١/١٩

دوو هەسارە کاریگەرییان لەسەر بورجەکەت ئەبێت. لەگەڵ ئەواشدا هەسارەی پلۆتۆ و ساتۆرن و ئۆرانوس و ژوپیتەریش فشارێکی زیاتر ئەخەنە سەر ژیانت، پێویستت بەمامەڵەکردنی ژیرانەو بەئاگا هەیە. بوونی هەسارەی ساتورن لەبورجی تەرازوودا بەگشتی گوشار ئەخاتە سەر هەموو ساڵەکە. لێپرسراوێتیت قورس ئەکات لەباری پیشەیی و کەسێتی و کۆمەڵایەتی و خێزانی. ئەوەی پێویستە لەسەرت هەوڵی بەردەوام و پاراستنی بەرژەوەندیەکانتە. هەسارەی ساتورن کاریگەریی زۆری ئەبێت لەسەر گۆڕانکارییەکان. ڕەنگە لەمساڵدا تووشی ماندووبونی جەستەیی و فیکری ببیت. گرەو لەگەڵ کەسی بێگانە مەکە. و پێویستیت بەلایەنگیری کۆمەڵە کەسێکی ژیر ئەبێت. بۆ چارەسەری کێشەیەك. هەروەها پێویستیت بەهاوڕێیی دڵسۆز ئەبێت. ڕەنگە هەندێ گۆڕانکاری بەبەرژەوەندی تۆ ڕوووبدات، کە ببێتە مایەی وەرگرتنی لێپرسراوێتیەکی گەورەو پایەیەکی بەرز، بوونی هەسارەی ژوپیتەر لەبورجی کاوڕدا، لەنێوان ٦ ی حوزەیران و ٩ی ئەیلولدا پەیوەندییە سۆزدارییەکانت ئاسان ئەکات. ئەوەی پێویستە لەسەرت کات بەفیڕۆ نەدەیت و بەخێرایی کارەکانت بەپێی بەرژەوەندیەکانت ڕێکبخەیت. ڕێگە مەدە بارودۆخەکە هەڕەشە لەسەر پەیوەندییەکانت بکات، بەهۆی بوونی هەسارەی ئۆرانۆس لەبورجی کاوردا لەنێوان ٢٨ ئایارو ١٤ ئابدا پەیوەندییە سۆزدارییەکانتبە لەبارودۆخێکی نائارامدا تێپەڕ ئەبن، ڕەنگە شڵەژانو مەترسی جیابوونەوە ڕوووبدات. هەسارەی ئۆرانۆس، هەسارەی گۆڕانکاری چاوەڕواننەکراوەکانە، و ئەمساڵیش کاریگەریی ئەم هەسارەیە لەسەر باری خێزانیو سۆزداری ئەبێت، هەوڵبدە بۆ پاراستنی شوێنی ئارامبوونت دەمارگیر مەبە بەتایبەت ئەگەر خۆشەویستەکەت لەدایکبووی بورجی تەرازوو یان قرژاڵ یان کاوڕە. بوونی هەسارەی نیپتۆن لەبورجی سەتڵدا ناچارت ئەکا بەکۆکردنەوەی پارەو گرنگیدان، دوو ڕۆژی نزیكو دوور پەلە مەبە لەبەفیڕۆدان و لەدەستدانی دەستکەوتێکی گەورە، لەبەرئەوەی ساڵی بەئاگابوونە، ئەبێت ژیرانە مامەڵە بکەیت.



## سەتڵ ١٠/٢٠ – ٢/١٨

ساڵی دەستکەوتو بەدەستهێنانی سەرکەوتنەکانە و دەرفەتی زێرینت بۆ ئەڕەخسێ، گرنگی ئەدەیت بەکڕینی خانووبەرە و پێداچوونەوەی باری داراییت لەقەرزو خەرجییەکانت. دەسکەوتێکی دارایی دەبێت لەڕێگەی کارێکی تازەوە، هەوڵی بەرەوپێشچوونی کارەکانت ئەدەیت. سەرنجراکێش ئەبیت، بەکەم ڕازی نابیت، ئارەزووت لەناوبانگی گەورەو بەدەستهێنانی سەرکەوتنە. بەخت یاوەرت ئەبێت لەزۆربەی کارەکانتدا. ماوەی نێوان ١٨ی کانونی دووەم و ١١ شوبات و هەروەها لە ٢٠ی ئایار تا١٠ی تەمموز دەرفەتێکی باشت بۆ ئەڕەخسێ و لەڕێگەیەوە گرێبەستێکی گرنگ واژۆ ئەکەیت و چێژی شیرینی سەرکەوتن ئەکەیت. بەڵام لەسەرخۆبەو ئاگات لەخەرجیەکانت بێ و ماڵی سپی هەڵگرە بۆ ڕۆژی ڕەش.

بوونی هەسارەی ساتورن لەبورجی تەرازوودا بەرژەوەندیەکانت بەهێز ئەکاتو یارمەتیت ئەدا، چارەسەر بۆ کێشەکان بدۆزیتەوە. گرنگی بەسەقامگیریو ژیانی هاوسەری ئەدەیت. بۆ ئەم مەبەستەش دوومانگی یەکەمی ئەمساڵ و مانگی تەمموز زۆر لەبارە بۆ یەکخستنی بیروبۆچونەکان.



## نەهەنگ ٢/١٩ – ٣/٢٠

تاقیکردنەوەکانی دوو ساڵی ڕابردووت ئەبنە بەردەبازی سەرکەوتن. سەرردانی هەسارەی ژوپیتەر بۆ بورجەکەت گرنگیەکی تایبەتی هەیە. بەدرێژایی ساڵەکە مایەی پەیمانو سەرکەوتنو پێشکەوتنو پرشنگداری ئەبێت، و ساڵێکی خۆشو تایبەتە.

بەڵام هەسارەی ساتورن ئەگەڕێتەوە بۆ ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ بورجەکەت. لەماوەی نێوان ٧ ی نیسان بۆ ٢١ تەممووزدا پرۆژەیەکی هەڵواسراوی کۆنت جێبەجێ ئەکەیت، هەروەك گۆڕانکارییەکی تەواوی سەرانسەر لەکارەکەتدا ڕوودەدات، لەڕێی ئەو دەزگایەی کە کاری تێدا ئەکەیت. ئەمساڵ بەساڵی ڕۆمانسیەت ناودەبرێت. بەهۆی چوونی هەسارەی ساتورن و بورجی فەریك و بورجی تەرازوو کێشەکان دیار نامێنن و ئارامیی و ڕۆمانسیەت جێیان ئەگرنەوە. بەهۆی هەسارەی جوبیتێرو ئۆرانۆسەوە باری دارایت باش ئەبێت.